# تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وێستگەیەکن بۆ لێک گـــــ

**کاروانی ژیار و شارستانییەت پێشدەکەوێ، لەپێشکەوتنیشیدا هیچ سنوور و تخوبێك ناناسێ، تەکنۆلۆژیای نوێ ڕۆڵی گرنگی لەبەرەو پێشـــبردنی ئەم کاروانەدا هەبووە، بەداهێنانی کۆمپیوتەر و پاشـــان سەرهەڵدانی شۆڕشی دیجیتالی و بچووکبوونەوەی جیهان لەگوندی ئینتەرنێتدا، هیچ گرفت و بەربەستێك لەڕێگای تێگەیشتن و لێکگەیشتنی بیروهزرەکان لەیەکتری و ناسین و لێکنزیکبوونەوەی مرۆڤەکان لەو گوندەدا لەگۆڕێدا نەما، مەگەر دەسەڵاتدارانی وڵاتێك بەربەبەستی بۆ دروست بکەن.**
**جیهانی مەجازی ئاکامی سەرکەوتنی شۆڕشی دیجیتالییە، هەربۆیە ئێستاکە پڕ حەشیمەتترین وڵات تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن،**

گوڵان- مەهاباد
ئامادەکردنی: ئاسۆ

تەکنۆلۆژیـــای نوێ خۆی لەخۆیدا خاڵی نەرێنی نەبووە و نییە، بگرە ئەوە کۆمەڵگاکە لەشێوازی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیاکەدا و ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەی لەکۆمەڵگادا هەن لەناو دوو توێی تەکنۆلۆژیا نوێیەکەدا خۆیـــان دەردەخـــەن. لەوڵاتێکـــی وەك بەریتانیادا هیچ یاســـایەك نییە لەســـەر خراپ بەکارهێنانـــی مۆبایل و بگرە ئەو دەســـتەواژەیە هەر بوونـــی نییە، کەچی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا لەپەرلەماندا یاسایەك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەی کەڵکـــی خراپ لـــە مۆبایـــل وەردەگرن دەرچـــووە، هۆکاری دەرچوونی یاســـای لەم شـــێوەیە لەخۆڕا نییە، بگرە لەئاکامی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەن کە بەهـــۆی مۆبایلـــەوە سەرهەڵدەدەن، زۆر جـــار ڕووداو و کارەســـاتی کۆ مە ڵا یە تی پـــڕ تراژیدی لەسەر پێوەندییەکی مۆبایل ڕوویداوە و مرۆڤی لەپێناودا بۆتە قوربانی..

هەتا کێشـــە کۆمەڵایەتییەکان لەوڵاتێکدا و لەناو گەلێکدا زیاتر بن، تەکنۆلۆژیای نوێ گرفت خوڵقێنترە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکرێ بڵێین بەســـوودترین و نزیکترین پردی پێوەندی نێوان مرۆڤەکانە، دەبێتە قوربانگایەك بۆ کۆمەڵگا دواکەوتووەکان..

هـــەروەك ئاماژەم پێـــدا ئینتەرنێت دەروازەی چوونە ژووری گوندی جیهانییە، لەو گوندەدا مرۆڤـــەکان بەهەردوو ڕەگـــەزی نێرومێیەوە بەبێ گرفت، بێ شەرمکردن لەیەکتر لەهەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بژین لەگەڵ یەك ئاشنا دەبن، لەئینتەرنێتیشـــدا تۆڕی فەیسبووك پڕ ئاپۆڕاترین تۆڕی کۆمەڵایەتییە. گەورەترین ژوانگەیە بـــۆ دەربڕینی هەســـتەکان، بەڵام لەم تۆڕەدا مەترسییەکان زۆر زیاترن، بەهۆی هۆشیار نەبوونی کۆمەڵگـــە دواکەوتـــووەکان بەتایبەتی بۆ ڕەگەزی مێینە لەهەڵسوکەوت کردن لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کارەساتی گەورە دەخوڵقێت.

لە کۆ مە ڵگە یە کـــی شارنشیندا، ژوانگەکان لە پا ر کە کا نـــە و ە گواســـترانەوە بۆ ژوورەکانی چاتکردن و لەگوندیشـــدا لەسەیرانگا و سەر کانی و ڕووبارەکانەوە بۆ ژووری مۆبایلەکان، هەردووکی ئەم ژوانگەیە بەهۆی نادیاربوون و نەناســـینی کەســـایەتی یەکتـــر گەلێك جـــاران بووەتـــە قوربانگایـــەك، ئەمانەی خوارەوە ئاماژەیـــان پێدەکەین نموونەگەلێکن لەقوربانیانی ئەم جیهانە مەجازییە..

«مەهابـــاد» تەمەنـــی ٢٢ ســـاڵە، ئـــەو لەسەردەمی خۆیدا بەوتەی خۆی یەکێك بووە لەزیرەکترین قوتابی قوتابخانەکەی، لەتەمەنی ١٨ ســـاڵییەوە باوکی لاپتۆپێکی بۆ کڕی و هەر لەگەڵ یەکەم ڕۆژی کڕینی لاپتۆپەکەیدا هێڵی ئینتەرنێتی ڕاکێشا، لەژوورەکانی چاتی «یاهوو»دا کەســـێکی بەنـــاوی خوازراوی «سیاوەش» ناسی، سیاوەش وەك ئەندازیاری بواری بیناسازی لەبەریتانیا خۆی ناساند کە بەهۆی گرفتی سیاسییەوە ئێرانی جێهێشتووە و پەنـــای بۆ دەرەوە بردووە، ناســـینەکە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بووە، بەجۆرێك مەهاباد هەموو بـــڕوا و متمانەیەکی پێـــدەکات، تا دەگاتە ئەوەی پێچەوانەی نەریتی کۆمەڵایەتی باو لەکۆمەڵگەدا مەهاباد داوای ژیانی هاوبەش لەسیاوەش بکات، ســـیاوەش بەدڵگەرمییەوە پێشـــنیارەکەی وەردەگرێـــت و بەڵێنی پێدەدا هەرکە گەڕایەوە بۆ ئەورووپای بەرێت، کەچی دوای ســـاڵێك تەمەن کوشتن و ژیان بەهەدەر بردن، سیاوەش ســـیمای ڕاستەقینەی خۆی دەردەخات، کە یەکێك بووە لەخزمانی خۆی و هەر لەو شارەدا ژیاوە..

«ئەســـرین» تەمەنـــی ٢٣ ســـاڵە و وازی لەخوێنـــدن هێناوە، ئـــەو کچێکی ڕەش ئەسمەری ڕووح ســـو و کە .



# ...ەیشتن یا تۆڕێکن بۆ لەداوخستن؟

**دەبینین بەرفرەترین تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک حەشیمەتەکەی نزیك بۆتەوە لەحەشیمەتی وڵاتی چین. بۆ چوونە ناو وڵاتی فەیسبووك پێویستیت بەهیچ ڤیزا و پاسەپۆرتێك نییە، هەموو کەس لەهەر شوێنێکی جیهان بێ دەتوانێ بچێتە ئەم وڵاتەوە. ئا لێرەدا پرسیاری مانشێتەکەی خوارەوە دروست دەبێت، ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وێستگەیەکن بۆ لێك گەیشتن یان تۆڕێکن بۆ لەداوخستن؟**



ئەسرین لەجیهانی فەیسبووکدا لەگەڵ سەعید ناوێك ئاشنا دەبێت، ئەسرین هەموو ئاوات و خۆزگەکانی لەگەڵ سەعیددا باس دەکات، سەعید پێی دەڵێت من لەوڵاتێکی ئەوروپی دەژیم و دڵنیات دەکەم سوارچاکی خەونەکانت منم، تۆش پەریزادی ئاواتەکانمی، بەم زووانە دەگەڕێمەوە و پێکەوە زەماوەند دەکەین، کەچی دوای ساڵێك ئیدی هەموو ئاوات و خۆزگەکانی ئەسرین دەبنە بڵقی سەرئاو، چونکە سەعید لەدوایین کۆمێنتی خۆیدا بۆی دەنووسێت «ببوورە ئەوەی لەماوەی ئەم ساڵەدا کردم، تەنیا کات بەسەربردنی خۆم بوو» ئەو دەستەواژەیە تاڵترین ڕستەی ژیانی ئەسرین دەبێت و بەهۆیەوە تووشی نەخۆشی جەستەیی و ڕۆحییەکی زۆر دەبێت..

مەهاباد و ئەسرین تەنیا نموونەگەلی قوربانییەکانی ناهۆشیاری کۆمەڵگا دواکەوتووەکان سەبارەت بەتەکنۆلۆژیای نوێ نین، هۆکاری ئەوەی کە هەر ڕەگەزی مێینەش دەبێتە یەکەم قوربانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرکوت و کپکردنی هەستی مێینە لەکۆمەڵگا دواکەوتووەکان زۆرترە، لەئاکامدا بەلاڕێدا بردن و هەڵخەڵەتاندنیش زیاتر.

گەر لەبواری کۆمەڵناسییەوە ئەو دوو نموونەی سەرەوە هەڵسەنگێنین، دەبینین بەهۆی نەبوونی ئازادی و سادەیی ڕەگەزی مێینە لەلێکدانەوەیەکی ژیرانەی کەسایەتی بەرامبەرەکەی، مەهاباد و ئەسرین دەبنە قوربانی جیهانی مەجازی، لێرەدا لێچکوونێك لەنێوان کەسایەتی «خەیاڵی، وەهمی» سەعید و سیاوەشدا هەیە، هەردووکیان لەئەوروپا دەژین، چونکە دەزانن ژیان لەئەوروپا بەشێکە لەخەونەکانی مەهاباد و ئەسرین، هەردووکیان بەخاوەن کارنامە و شەهادەیەکی بەرز نیشان دەدەن بۆ ئەوەی کە گرەنتییەکی دوارۆژ بۆ بەرامبەرەکەیان دروست بکەن. هەر مەهاباد و ئەسرین نین کە لەداوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەوتوون، ڕەنگە لەهەرێمی کوردستاندا چونکە بێگومان ئازادی بوونی ئینتەرنێت و چوون بۆ جیهانی مەجازی زیاترە لەئێران، سەدان نموونەی لەم شێوەیە هەبن. بۆیە پێویستە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەم بوارەدا هۆشیاری زیاتر بڵاوبکەنەوە، هەروەها ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لەمافی ئافرەتان سیمینار و کۆڕ لەسەر ئەم دیاردەیە پێکبێنن کە ئێستا ڕووی لەهەڵکشانە..

# لەئاکامی ڕێگرتن لەبەردەم خەونەکانی خانمێ

ئا: ساڵە سولێمان

(هـ.خ) کچێکی تەمەن ٢٠ساڵەی ڕەنگ گەنمی باڵا بەرزی قژ ڕەش و چاو قاوەییەکی ڕوح سوك قوتابی و وەرزشوانێکی سەرکەوتووبوو و ماوەی شەش ساڵ لەریزی یانەی ئافرەتانی هەولێر یاری کردووە، دواتر بەهۆی کەمی مووچەی لەیانەکەدا چۆتە یانەی قەڵا و هەروەها قوتابی بووە لەقۆناغی یەکەمی ئامادەیی بازرگانی کچان، ئەو کچە لەڕۆژی ٢٠١٢/١/٢٥ کاتژمێر ٥ ئێوارە لەماڵەوە لەژوورەکەی خۆی بەفیشەکێك کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت.

بەگوێرەی قسەی هاورێکانی (هـ) خۆی کوشتووە بەهۆی ئەوەی باوکی ڕێگای نەداوە سەردانی سلێمانی بکات بۆ ئەنجامدانی یاری لەگەڵ یانەکەی و لەیاریکردن دووری خستۆتەوە، بەڵام بەپێی وتەی باوکی ئەو کچە کە عەقیدی خانەنشینە لەلایەن نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی هەولێر داویەتی، ئاگاداری خۆکوشتنی کچەکەی نییە و دەڵێت: من هیچ ئاگاداری خۆکوشتنی کچەکەم نیم کاتژمێر (٥:١٥) ئێوارە کچێکم تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی (هـ) خۆی کوشتووە، ئەوکات من لەدەرەوەی هەولێر بووم ئاگاداری چۆنیەتی ڕووداوەکە نەبووم، باوکی ئەو کچە وتویەتی: کچەکەم عەصەبی بوو، زوو زوو تورە دەبوو، بەڵام لەماڵەوە هیچ کێشەیەکی نەبوو، ناشزانم بۆچی خۆی کوشتووە، ڕووداوەکە قەزاو قەدەر بوو، لەپێوەندییەکدا گۆڤاری گوڵان هۆکاری خۆ کوشتنی کچەکەی لەباوکی پرسی کە گوایە بەهۆی ئەوەی ڕێگای نەداوە سەردانی سلێمانی بکات لەگەڵ یانەکەی یاری هەبووە بۆیە خۆی کوشتووە، باوکی ئەوەی بەدوور لەڕاستی زانی و بەتوڕەیی گوتی: ئەو قسانە هەمووی دوورن لەڕاستی، کچەکەم لەماڵەوە هیچ کێشەیەکی نەبوو، تەنیا تورە بووەو ئەو کارەی ئەنجامدا.

ئێمە لەکۆمەڵگایەك دەژین بەردەوام ئافرەت لەپێناو کارکردن و گەیشتن بەئاواتەکانی ڕووبەڕووی توندوتیژی و ئازار بۆتەوە، یاخود

خۆکوشتن خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی قێزەوەن لەکوردستان بەتایبەتی لەلایەن ئافرەتانەوە، زۆر جاریش قوربانی توندوتیژی و بۆچوونە توندەکانی دەستی پیاو و پیاوسالاری بوون، (هـ)کچە یاریزانێکی بەتوانا و لێهاتووبوو لەبواری وەرزشی، بۆیە چەندین هیوا و خەونی پیرۆزی لەخەیاڵدا گەڵاڵە بوو و لەپێناو هێنانەدی ئەم خەونانە ئەرکی زۆری دەکێشا، بەڵام نەیتوانی بەرگەی ڕێگا گرتن لەخەونەکانی بگرێت، بۆیە گیانی خۆی دەکاتە قوربانی فیشەکێك.

# ـــکی وەرزشوان خۆی دەکاتە قوربانی فیشەکێک



تووشی چەندین جۆرە بەرهەڵستی کردن و توانج دەبێت، تاوەکو ئەمڕۆش پیاوان ئامادە نین دان بەوە بنێن کە ئافرەتیش توانای سـەرکەوتنی هەیە لەگشت بوارێکدا.

هاوڕێیەکی تری (هـ) کە قوتابی پەیمانگای تەکنیکی و یاریزانی تۆپی دەسـتە و ماوەی پێنج ساڵ هاوڕێی (هـ) بووە دەڵێت «ئەو کچە زۆر سـەرکەوتوو بوو لەیاری تۆپی دەسـت بەردەوام ئارەزووی سەرکەوتنی دەکرد لەو یاریە، بەڵام لەلایـەن خێزانەکەیـەوە نزیکەی چەند مانگێـك دەبێت لەیاری کردن دوورخسـرایەوە بەبیانووی ئەوەی تا وانەکانی بخوێنێ، بەڵام دواتر دەسـتی کـردەوە بەڕاهێنـان و ڕۆژێك پێـش یاریەکە ئینجـا ڕاهێنەرەکە پێی دەڵێت ئەگـەر خێزانەکەت ڕێگەت پـێ دەدات بێی بۆ سلێمانی تۆش دەتوانی بەشداری یارییەکە بکەی لەسلێمانی، بەڵام خێزانی ڕێگەیان پێ نەدابـوو، بۆیە خۆی کوشـت، ڕەوا ئەو کوڕە گەنجەیە لەگـەڵ کۆمەڵێـك لەهاوڕێیانی کە لەسـەر لاپەڕەی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووك گلەیی لەیەکێتی تۆپی دەسـتی کوردسـتان دەکـەن و دەڵێن: یەکێتی تۆپی دەسـتی کوردسـتان لەئاست گیان لەدەسـتدانی (هـ) بێ وەفابوو، هەواڵی

**یەکێك لە هاوڕێکانی: (هـ) سەرکەوتوو بوو لەیاری کردن، بەڵام لەلایەن خێزانەکەیەوە نزیکەی چەند مانگێك لەیاری کردن دوورخرایەوە بەبیانووی ئەوەی تا وانەکانی بخوێنێ**

**هاوڕێکانی گلەیی لەیەکێتی تۆپی دەستی کوردستان دەکەن لەئاست گیان لەدەستدانی (هـ) بێ وەفابوو**

کۆچی دوایی (هـ) بۆ ئێمە کوشندە و جەرگبڕ بوو، هەموومانی لەدڵەوە تاساند، چونکە ئەو کەسێکی تابڵێی بەڕێز و سادەو ساکار بوو، ئەو یەکێك بوو لەباشـترین یاریزانەکانی عێراق و کوردستان لەتۆپی دەست، (هـ) چەند ساڵێکە خزمەتی ئەو یاریەی کردووە و یاریزانی یانەی ئافرەتانی هەولێر و قەڵا و یاریزانی هەڵبژاردەی تۆپی دەستی پەروەردەی هەولێر بووە، کۆچی دوایی (هـ) هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی خولی پلەیەکی کوردسـتان بۆ تۆپی دەست، واتە ئەو ئێوارەیەی (هـ) کۆچی دوایی کرد بۆ بەیانی خولی پلەیەکی کوردستان دەستی پێکرد کەواتە دەبوایە لەگەڵ دەست پێکردنی خولەکە یەکیتی تۆپی دەسـت بڕیاری دابا سـەرجەم یاریزانـەکان پەرۆکێکـی ڕەشـیان لەقۆڵیان بەسـتابایە لەگەڵ دەست پێکردنیش خولەکێك وەسـتابان دواتر خولەکە دەستی پێکردبایە وەك ڕێزلێنانێك بۆ گیانی (هـ).

عەقید جەمیل محەمەد سورچی بەڕێوەبەری نووسینگەی نەهێشتنی تاوان دەڵێت «کاتژمێر ٦ی ئێوارە ئێمە ئـاگادار کراینەوە کە کچێك خۆی کوشتووە کە گەیشتینە شوێنی ڕووداوەکە بۆمان دەرکەوت کچێکی تەمەن ٢٠ ساڵانەیە و یاریزانـی تۆپی دەسـتە، بەدەمانچەیەکی تورکی گولەیەکی لەلای چەپی سنگی داوە و کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە، ئێمە دەستمان بەسەر دەمانچەکەدا گرت، هەروەها بەگوێرەی لێکۆڵینەوە و وتـەی باوکی لەئەنجامی توڕە بوون ئەو کارەی کردووە».

لەبارەی ژیان لەپێناوی گەیشتن بەئاواتەکان و بەربەسـتەکانی لەکۆمەڵـگای ئێمـە، توێژەری کۆمەڵایەتی بەهزاد محەمەد دەڵێت «بێگومان ئـەم کۆمەڵگەیەی ئێمە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لەبەردەم خەونەکانی ئافرەت و سـەرهەڵدانی دیاردەی خۆکوشتن، چونکە ئافرەت وەکو بوونەوەرێك سەیر کراوە کە تایبەتە بەخزمەت کردنی پێداویسـتیەکانی پیاو، بۆیە کاتێك کە خەونێکی جیاوازی هەبێت و هەوڵی بەدیهێنانی دەدات و گشـت تواناکانی خۆی لەپێناو سەرف بکات، سەرەتا لەناو خێزانەکەی ڕێگری دەسـت پێـدەکات لەجیاتی هاندان و پشـتگیری کردنی، ئینجا وای لێدێت هەموو هەڵسـوکەوتەکانی لەئەنجامی کارلێك کردنی لەگـەڵ دەوروبەردا دەبێت، بۆیـە لێکترازانی خێزان و نەمانی پێوەندییە ڕۆحیەکان لەنێوانیاندا هۆکارێکە بۆئەوەی مرۆڤ هەست بەنامۆیی بکات و گۆشـە گیربێت، لەدواییشدا هەست بەئازاری دەروونی دەکات و وای لێدەکات پەنا بباتە بەر خۆکوشـتن بۆئەوەی لەم بارودۆخە ئاڵۆزە ڕزگاری ببێت.

**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: کۆمەڵگەی ئێمە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لەبەردەم خەونەکانی ئافرەت و سەرهەڵدانی دیاردەی خۆکوشتن**